# تۆمو جیری له سیاسەتدا

ن: محەمەدی مشیر

"مرۆڤ بە سەربەستی لە دایك دەبێ, بەڵام لەهەموو شوێنێكدا كۆتو زنجیركراوە"

"ڤۆلتیر"

ئازادیو سەربەخۆیی لە تێكڕای بوارەكانی ژیاندا سەبارەت بە گەلێكی ستەمدیدە بە درێژایی مێژوی هاوچەرخی خۆی, ئەو كاتە دێتەدیو هەست بە بەری رەنجی خۆی دەكات, كاتێك ئەویتر شێلگیرانە داكۆكی لە مافەكانت بكاو دانیپێدابنێت نەوەكە هەمیشە لێت لە بۆسەو كەمیندابێ!

ئەویترەكەش (لەو عێراقەی كە سەردەمانێكی دوورو درێژە ئێمەی كوردی تیا دەژیو بە ویستو ناویست لەم سەرزەمینە چاومان بە دونیا هەڵێناوە) هەر رۆژەو بەجۆرێ داكۆكی لەو مافەمان دەكەن كە سەربەستانە تەرزو شێوەی كۆتو زنجیرەكانمان هەڵبژێرین!!

بە وتەیەكی دیكە دەكرێ بڵێین هێندە حەز دەكەن وەك دوانەی (تۆم)و (جیری) هەرگیز خوا لە یەكمان نەكات, رازی ئەم خۆشەویستە چییە ئەز نزانم, وەلێ دەشێ بێژین دیارە ئەم (ئەویترانە) هێندە پەرۆشی بەرژەوەندییەكانی ئێمەن كە پێدەچێ هەر لەبەر ئەوەژی حەز بكەن ئەوە پێكڤەژیانە بەردەوام بێ, نەوەكا خودای نەخواستە گەر بڕیاری لێكترازانمان دا نەزانین بەبێ ئەوان چەپو راستی خۆمان لێكجوداكەینەوە!

ئەم دیتنەش بێ پێشینەو بنەماو هۆكارنییە كە دیارە ئەمڕۆ لە مێژووەوە تا ئیرۆ هەر جارەو بە بەهانەیەك رێگەی ئەو دیتنەی ئەو (ئەویترانەمان) خۆشكردووە بێ ئەوەی بۆ تەنها جارێكیش هەستمان بەوە كردبێ ئەوانیش دڵسۆزانە بۆ ئەو پێكەوە ژیانە تێكۆشابن, ئەگەرنا بۆ دەبێ دوای جاڕدانی پێكهاتنی حكومەتی ناوەند كۆچی بەلێشاوی بەدرییەكان بكەنە دیاری بۆ شاری كەركوكو, خانمی رایز-یش بەڵێنی یارمەتی هەواڵگری بداتە (ئەردوگان)و لاری نەبێ بۆ هاوردنی سوپاكەی بۆ سەر سنوورەكانی كوردستان؟! ئیدی لەم وازیە سیاسیەشیدا وا دیارە جار جارە وەكو (جیری) خۆمان حەز دەكەین بە دوای (تۆم)دا بگەڕێین كاتێ هیچ كونجێكی خاوەن ماڵ جێگەی تۆمی تێدا نابێتەوە, دیارە بە نەبوونی (تۆم) دڵمان دەگوشرێ.

ئەگەرنا ئەتۆ بڵێی كاتی ئەوە نەهاتبێ شێوازو سنووری ئەو پێكەوە ژیانە وردتر دەستینشان بكرێتو؟ ئەو راوەڕاوەی تۆمو جیری لە سیاسەتی كورتو درێژخایەتی سیاسەتوانەكانی ئەویتر بە پێداگرتنی هۆشیارانەی زیاتری ئێمە لەسەر مافە رەواكانمان كۆتایی پێنەیەت؟!